وردیلە چیرۆک

# نەیجە

**حەمەفەریق حەسەن**

خۆمن نەیجە نیم نەچەمێم.. ئەوان نەیجەن و خەم ناخۆن؛ بۆیە باڵاشیان ناچەمێ! بە سرووەی نەرمەبایەکیش دێنە چەقڵە سەما. ئابەم درەنگانی شەوە گوێم بەلیقەلیقی پێکەنینیان دەزرنگێ.. وەلێ ئەوانە کەمینەن. دەشێ ئەوانیش بە قاقای پێکەنینیان، حەتمیبوونی مەرگ لەبیری خۆیان دەربکەن! هادیتە؟ دنیا وایە. گەر خۆشەویستی نەبوایە، گوڵەباخ وا سوورێکی پاراو نەدەبوو. خەم نەبووایە، پرچی ئەو کچەش هیند ڕەش و وەنەوشە شین و سەرکزو چاوی نێرگز و خەزانیش، وەک ڕوخساری نتمی من زەرد نەدەبوون..!

ئەویش وایە.. هەر (کێف)ێکی تۆ دەبینی نوقمی تەم و خەم و گومانە. سەری غەریبی بەسینگی کێفەکەی پاڵیدا ناوە.. ناوە ناوە، گوێ بۆ ترپەی دڵی دەگرێ، بزانێ مردووە یان ماوە.. دەوەنە سوورەپەلەکانیش هەر وان، وەک ئەوانیش سەر بەتوخماتی هەور بن، بەدەم خۆ ڕاژەندن و قوڵپی هەنیسکەوە سەریان هەڵدەکەندرێ و دەگرین..

تەنانەت خانووە قوڕینە قەمبوورەکانی گەڕەکەکانی کەنار (شار)یش سەریان بەیەکدا کردووە و دەکڕووزێنەوە. پێدەچێ تەواوی ئەم ئەستێرە مرۆڤ نیشینە غەرقی خەم بێ. ئەوەنییە بەیانیان، هەنگاو دەنێیتە سەر قاڵیچەی هەر چیمەنێ؛ بۆ هەر گەڵایە، شکۆفەیە دەست دەبەی، سەراپا نوقمی خوناون! ڕەنگە ئەو دڵۆپە باریوە بێگەردانە، شەوانە فرمێسکی گەردوون بن و بۆ خەم و مەینەتییەکانی ئینسان هەڵیرشتبن! جا ئیدی منی کزی باربەلێو، بەم خۆڵەمێشی تەمەنەوە چلۆن بۆ نەهامەتییەکان نەگریم؟

*

دەوەنی سوورەپەل: ئەو دەوەنە داربەڕووانەی تا ساڵ تێوەرنەگەڕێتەوەو بەهار نەیەت گەڵایان ناوەرێ.